پەروەردگارمان ساقی خۆی ئاشکرا دەکات، بۆیە هەموو ئیمانداڕێک سوجدەی بۆ دەبات، وتەنها ئەوانە دەمێننەوە کە لە دونیدا بۆ ڕیا و خۆدەرخستن سوجدەیان دەبرد، دەچن بۆ ئەوەی سوجدە ببەن بەڵام پشتیان ڕەق دەبێتەوە هەروەکو ئەوە وایە یەک ئێسک بێت

لە ئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «پەروەردگارمان ساقی* خۆی ئاشکرا دەکات، بۆیە هەموو ئیمانداڕێک سوجدەی بۆ دەبات، وتەنها ئەوانە دەمێننەوە کە لە دونیدا بۆ ڕیا (ڕوپامایی) و خۆدەرخستن سوجدەیان دەبرد، دەچن بۆ ئەوەی سوجدە ببەن بەڵام پشتیان ڕەق دەبێتەوە هەروەکو ئەوە وایە یەک ئێسک بێت (پشتی هەمووی وەکو یەک پڕپڕەی لێدێت)». *(ساق: نیوەی خوارەوەی قاچەکانە، ئەو پارچە ئێسکە درێژەیە کە ئەژنۆکان بە پێیەکان وگوێزنگەکانەوە دەبەستێت)

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پەروەردگار -سبحانە وتعالی- ساقی* پیرۆزی خۆی ئاشکرا دەکات، هەموو ئیمانداڕێک سوجدەی بۆ دەبات، بەڵام مونافیقەکان ئەوانەی کە لە دونیادا سوجدەیان دەبرد بۆ ئەوەی خەڵکی بیانبینێت، سوجدە برندنیان لێ قەدەغە دەکرێت، وپشتیان وەکو یەک پڕپڕەی لێدێت (وەکو یەک ئێسکی لێدێت)، ناتوانن خۆیان بچەمێننەوە وسوجدە ببەن چونکە ئەوان لە ڕاستیدا لە دونیادا سوجدەیان بۆ خوای گەورە نەدەبرد بەڵکو سوجدەیان دەبرد بۆ مەرامی دونیایی وبۆ ئەوەی خەڵکی بیانبینێت، ونابێت ساق بە واتایی سەختی وناڕەحەتی یان جگە لەمانە لێبکدرێتەوە، بەڵکو دەبێت باوەڕمان بەوە هەبێت کە خوای گەورە ساقی هەیە ئەمیش بە بێ لێکدانەوەی چۆنیەتی وبە بێ چواندنی بە دروستکراوەکان، وبە بێ لێکدانەوە ولادانی لە واتا ڕاستەقینەکەی وبە بێ نەهێشتن وپەکخستنی واتا ڕاستەقینەکەی. (*ساق: نیوەی خوارەوەی قاچەکانە، ئەو پارچە ئێسکە درێژەیە کە ئەژنۆکان بە پێیەکان وگوێزنگەکانەوە دەبەستێت)

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8291

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee